Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.6.3

# بەکارخستنی "لایتموتیڤ" لە فیلمی کوردیدا
# فیلمی "نیوە مانگ" بە نموونە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Dana Mohammed Abdulla
Dana.abdulla@su.edu.krd

**دانا محمد عبدلله/** بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،هەرێمی کوردستان، عیراق.

**سرود فؤاد محمد سەراج/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،هەرێمی کوردستان، عیراق.

RECEIVED :20 /01/2025
ACCEPTED :01/03/ 2025
PUBLISHED : 15/12/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
ئەکتەر،
فیلم،
نیوەی مانگ،
دیمەن.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە تەکنیکی لایتمۆتیڤ وەک کەرەستەکی موزیکدانانی فیلم دەکۆڵێتەوە، کە لە موزیکی فیلمی نیوە مانگی بەهمەن قوبادیدا بە شێوازێکی هونەریی بەکارخراوە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕەهەندی فۆرمی موزیکییەوە شرۆڤە و شیکاری بۆ ئەو شوێنانە دەکرێت کە لایتمۆتیڤ لە ئەندێشەی دیمەنەکانی نێو فیلمەکەدا ڕەنگدانەوەی هەیە و لە دەوڵەمەندکردنی فیلمەکە ڕۆڵی کارای بینیوە. کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە ونبوونی تەکنیکی لایتموتیف لە فیلمی کوردیی بەشێوەیەکی گشتی یاخود نەبوونی ئەم تەکنیکە لە زۆرێک لە فیلمە کوردییەکان سەرەڕای گرنگییەکەی. ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی ڕۆڵ و کارایی بەکارخستنی لایتموتیف لە فیلمی نیوە مانگی بەهمەن قوبادی ئاشکرا بکات و بیناسێنیت. گرنگی ئەم توێژینەوەیەش سودگەیاندنە بە فیلمسازان و موزیکدانەرانی بواری سینەمای کوردی و کەڵک وەرگرتن لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە بەکارهێنانی لایتمۆتیڤ لە فیلمی نیوە مانگدا بەشدارییەکی بەرچاوی لە کاریگەرییە هونەری و سۆزدارییەکانی فیلمەکەدا هەیە و پێنج تەوەرەی سەرەکی لایتمۆتیڤ لەم فیمەدا بەکارخستراوە، کە سێ دانەیان پەیوەستە بە کارەکتەرەکانی نێو فیلمەکە و یەک دانەیان بۆ کات و نۆستالیژیا، دانەکەی تریش بۆ شوێنی ڕێگای سەفەر و گەشتی پر مەینەتی نێو فیلمەکە پەیوەستکراوە، هەروەها کەرەستە موزیکییەکانی وەک میلۆدی، مۆد، دەنگ، فۆرم و شێوەگەل، تیمبەر و ئامێرسازی، ڕیتم، هارمۆنی، مۆرکی پێرفۆرمەنس لە بونیاد ی لایتمۆتیڤ وەک یەکەیەکی موزیکیی پتەو و دانەبراو بەیەکەوە خستنەکاریی بۆ کراوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١. پێشەکی:

فیلمی "نیوە مانگ" ساڵی (2006) لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی، شاکارێکی سینەماییە، کە سنوور و کولتوورەکان تێدەپەڕێنێت، بە چیرۆک گێڕانەوەیەکی دیار و دیمەنە سەرسوڕهێنەرەکانی و موزیکی ڕۆحی وروژێنەری بینەرانی سەرسام دەکات. فیلمەکە لە نێو دیمەنی کوردستاندا وێنەگیراوە و بەدواداچوون بۆ گەشتی مامۆ، کە موزیکژەنێکی بەساڵاچووی کوردە و لەگەڵ دە کوڕەکەی دەکات. کاتێک دەست بە هەوڵێکی مەترسیدار دەکەن، بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتی کۆتایی لە هەرێمی کوردستان. موزیک، کە بەشێکی دانەبڕاوە لە شوناس و نەریتی کورد، وەک دڵ و ڕۆحی ئەم فیلمە خزمەت دەکات و گێڕانەوەی چیرۆک و کارەکتەرەکان و کەشوهەوای گشتی لە قاڵب دەدات.

### ١.١ میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە، پشت بە ڕێبازی چۆنایەتی دەبەستێت، تیایدا پەیوەندی نیوان دیمەنەکان لەگەڵ موزیکی نێو فیلمەکە بە زمانێکی هونەری و زانستی پێناسە دەکرێتەوە و دووبارە بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی موزیک دەبەسترێنەوە.

### ٢.١ گرنگی توێژینەوەکە:

لە میانەی سودی توێژینەوەکە بۆ فیلمسازان و موزیکدانەرانی بواری سینەمای کوردییە، هەروەها قوتابیانی زانکۆ لە بەشەکانی موزیک و سینەمادا دەتوانن کەڵک لەو شرۆڤە هونەرییانەی، کە بۆ نموونەی توێژینەوە کراون، وەربگرن، کە گرنگترین خاڵە گەوهەرییەکانی پەیوەست بە بونیاتی لایتموتیڤ لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو.

### ٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە:

ناسینی ڕۆڵی بەکارخستنی لایتموتیف لە فیلمی"نیوە مانگ"ی بەهمەن قوبادی و ئاشکراکردنی تەکنیکە موزیکییەکانی پەیوەست بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی موزیک لەژێر ڕۆشنانی موزیکدانانی فیلمدا.

### ٤.١ پرسیارگەلی توێژینەوەکە:

بەگشتیی تەکنیکی دەنگی و میوزیک بەتایبەتی لە فیلمی کوردییەکان تا ڕادەیەکی باش هەژاری و ناتەواوی پێوە دیارە. بە تایبەت یەکێک لەمانە ونبوونی تەکنیکی (لایتموتیف)ە لە فیلمی کوردییدا، کە زۆر بەکەمی ئەم تەکنیکە لە ناوەڕۆکی فیلمە کوردییەکاندا هەستی پێ دەکرێت. سەرەڕایی گرنگی ئەم تەکنیکە، کەچی تا ئێستا پرۆفیشناڵانە بەکارنەهێنراوە. هۆکاری هەڵبژاردنی نموونەی ئەم توێژینەوە ئەوەیە، توێژەران تێبینی جۆراوجۆریان لەسەر فیلمەکە هەیە و پێیانوایە دیدێکی جیاواز لە بەکارخستنی تەکنیکی لایتمۆتیڤ فیمەدا کاری وردی لەسەر کراوە. بۆیە لێرەدا پێویستە بپرسین؛ ئایا لایتموتیف لە فیلمی "نیوە مانگ"ی بەهمەن قوبادیدا بە چ شێوازێک بەکارخراوە؟ ئایا لەنێو ئەندێشە و هیزی فیلمەکەدا وەک پێویست ڕەنگی داوەتەوە؟

### ٥.١ سنووری توێژینەوەکە:

سنووری کاتییەکەی بریتییە لە ٢٠٠٦ ساڵی بەرهەمهێنانی فیلمەکەیە و سنووری جوگرافییەکەی بریتییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### ٦.١ پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵی فرەلایەنەی موزیک لە "نیوە مانگ"دا قووڵ دەبێتەوە، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی لایتمۆتیڤ لە بەدواداچوون بۆ گرنگی کولتووری و کاریگەرییە سۆزدارییەکانی و هێزی هێماسازی دەدات.

### ٧.١ پێناسەی زاراوەکان:

#### ١.٧.١ لایتمۆتیڤ:

دەستەواژەیەکی کورت و دووبارەبوونەوەی موزیکییە، کە پەیوەندی بە کەسێک، شوێنێک، یان بیرۆکەیەکی دیاریکراوەوە هەیە. بە زمانی ئینگلیزی Leitmotiv، بە واتای وشەی "مۆتیڤی پێشەنگ"، یان "مۆتیڤی ڕێنمایی" دێت. مۆتیڤە موزیکییەکە بە بیرۆکەیەکی کورتی موزیک، مێلۆدی، هارمۆنی، یان ڕیتمی، یان هەر سێ بەیەکەوە پێناسە کراوە. لایتمۆتیڤ فیگەرێک یاخود پارچە موزیکێکە لە چەند نۆتەیەکی لەدواییەک دووبارەبووەکان پێک دێت، کە هەندێک گرنگی تایبەتی خۆی لە لایەنی دراماتیکەوە هەیە و تایبەتمەندە بە پێکهاتە و بونیاتی خۆی. (John،White ،1976: p. 26–27)

### ٢.٧.١ فیلمی کوردی:

فیلمی کوردی بەهەموو ئەو جۆرە فیلمانە دەگوترێت، کە ڕەنگدانەوە شوناسی نەتەوەی کوردن، لە هەر چوار پارچەی کوردستان، هاوکات چەمکی سینەمای کوردییش بەکاردەهێنرێت، بۆ هەموو ئەو ڕەوت و پرۆژانەی لە بواری سینەما لە کوردستان ئەنجام دەدرێن، کە دەتوانرێت بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی هەر لە سەرەتاوە واتە لە سەردەمی فیلمی زارێ، یان فیلمەکانی یەڵماز گونەیەوە ، تا دەگاتە ئەمڕۆ ناوزەدی بکەین.

مێژووی فیلمی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستان جیاوازە، بەڵام دەتوانین لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، فیلمەکانی یەڵماز گونەی بەتایبەتی فیلمی مێگەل بەرهەمی ساڵی١٩٨٧ ە، دیوار، ١٩٨٣، ڕێگا-١٩٨٢ بە سەرەتا و دەسپێک بۆ سینەمای کوردی هەژمار بکەین، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش فیلمی ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان -٢٠٠٠ لە دەرهێنانی (بەهمەن قوبادی)، وەک یەکەم فیلم دیاری بکەین (خوسرەو، ٢٠١٨:ل١٣٧)، هەروەها لە هەرێمی کوردستان دەتوانین فیلمی نێرگز بووکی کوردستان-١٩٩١ لە بەرهەمهێنانی (مەکی عەبدوڵا) و دەرهێنانی (جەعفەر عەلی) و بە بەشداری ئەکتەرانی کورد و شوێنی وێنەگرتنیشی لە گوندەکانی کوردستان گیراوە و وەک یەکەم فیلمی کوردی لە باشوور هەژمار بکەین. (مەسعود، ٢٠١٠: ل١١٠)

دەتوانین بڵێین، کوردیش خاوەن ڕەوتێک لە سینەمایە، کە لەڕووی ناوەرۆکەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لەڕووی شێوەوە، خاوەنی فۆرمێکی تایبەت و دیاریکراو نییە و بە فۆرمە جیهانیەکان فیلم بەرهەم دێنێت. هاوکات لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە فیلمسازان سەرقاڵی بەرهەمێنانی فیلمی کوردین، تا ئێستا زیاتر لە (١٢٠) فیلمی درێژی کوردی هەیە و سەدان فیلمی کورتیش لە ساڵانی ڕابردوودا لە کوردستان دروستکراون. (کەریمۆک، ٢٠٢٤:ل٨٨)

جێی باسە، تەنیا لە ساڵی (٢٠٢٤)دا ٨ فیلمی کوردی درێژ بەرهەم هاتووە و لە هۆڵەکانی سینەما لە کوردستان نمایشکراون، هەروەها بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی لەسەر ئاستی حکومی و کەرتی تایبەت لە کار و چالاکی و جووڵەیەکی بەردەوام دایە، بەتایبەت لە لایەن کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانی فیلمسازی لە شارەکانی کوردستان کار دەکەن و فیلم بەرهەم دەهێنن، بۆیە سینەما نێوەندێکی گرنگی میدیاییە و دەتوانێت هەڵگری پەیام و ئاریشەکانی هەر کۆمەڵێکی مرۆیی بێت، بەرەو ڕووی دنیا. سەرەڕای هەندیک کەموکوڕی، بەڵام کوردیش وەک هەموو میلەتێکی زیندوو توانیویەتی کێشە و ئاریشەکانی خۆی لە ڕێگەی سینەماوە بە جیهان بگەیەنێت.

### ٣.٧.١ بەهمەن قوبادی:

بەهمەن قوبادی دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر و سیناریۆنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. فیلمەکانی بە شێوەیەکی زیندوو خەبات و خۆڕاگریی گەلی کورد لەنێوان تەحەددای کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریدا نیشان دەدات. زۆرجار خەباتی کورد لە دژی چەوساندنەوەی سیاسی و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی وێنا دەکات. فیلمەکانی قوبادی پێشوازی نێودەوڵەتییان بەدەستهێناوە و لە فێستیڤاڵە بەناوبانگەکانی فیلمی وەک (کان و ڤێنسیا نمایشکراون .(قوبادی لە 1-2-1969 لە شاری بانە لەدایک بووە. (zaniary.com)

قوبادی پێش ئەوەی بچێتە بواری فۆتۆگرافی و کورتە فیلم، لە کۆلێژی پەخشی ئێران لە تاران فیلمی خوێندووە. بەرهەمە سەرەتاییەکانی، لەوانەش کورتە فیلمی (ژیان لە تەمدا) لە ساڵی (١٩٩٧) کە لەلایەن فیلمسازان و بینەرانەوە پێشوازی باشی لێ کراوە، توانایەکی گەورەی گێڕانەوەی چیرۆکی پیشانداوە و خەڵاتی نێودەوڵەتییان بەدەستهێنا. یەکەم فیلمی سینەمایی بەهمەنی (قوبادی) بە ناوی (کاتێک بۆ مەستی ئەسپەکان) لە ساڵی (٢٠٠٠)، کە بە یەکەم فیلمی کوردی بە زمانی کوردی لە سینەمای ئێران دادەنرێت. لە فێستیڤاڵی فیلمی (کان) خەڵاتی (کامێرا دی ئۆری) بەناوبانگی بەدەستهێنا و (قوبادی) لە پاش ئەم فیلمە ناوبانگێکی نێودەوڵەتی وەرگرت .

(قوبادی) لە بەرهەمەکانی دواتردا بەردەوام بوو لە گەڕان بەدوای شوناسی کوردیدا و فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن) لە ساڵی (2004)، کە لە هەرێمی کوردستان وێنەی گیراوە، تیشک دەخاتە سەر منداڵانی پەنابەر و ترسناکییەکانی شەڕ. ئەم فیلمە چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا، لەوانە خەڵاتی (تویێکڵی زێڕین) لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (سان سێباستیان) و بووە یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی فیلمی کوردی. لە ساڵی ٢٠٠٦دا (قوبادی) دەرهێنەری فیلمی نیو مانگ بوو،

کە باس لە گەشتێکی موزیکژەنێکی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ هەرێمی کوردستان دەکات. فیلمەکە کۆمیدیا و کارەسات تێکەڵ دەکات و لە (سان سێباستیان) خەڵاتی (سەدەفی زێڕینی) بەدەستهێنا. شێوازی گێرانەوەی چیرۆکێکی ناوازەی هەیە، کە ڕەگ و ڕیشەی لە فۆلکلۆر و موزیکی کولتووری کوردیدا سەرچاوەی گرتووە. (mijfilm.com)

فیلمە درێژەکانی بەهمەنی قوبادی بریتین لە: (کاتێک بۆ مەستی ئەسپەکان ٢٠٠٠)، (ئاوازەکانی نیشتمانی دایکم٢٠٠٢)، (کیسەڵەکانیش دەفڕن ٢٠٠٤)، (نیوەی مانگ ٢٠٠٦)، (کەس ئاگای لە پشیلە ئێرانییەکان نییە ٢٠٠٩)، (وەرزی کەرکەدەن ٢٠١٢)، ( ژیان لەسەر سنوور ٢٠١٥)، (ئاڵای بێ وڵات ٢٠١٥). (encyclopedia.com)

## ٢. پێداچوونەوە بە ئەدەبیات

### ١.٢ لێکۆڵینەوەی پێشووتر:

توێژەران لە میانی گەڕانیان بەدوای سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی هاوشێوە، بۆیان دەرکەوت لێکۆڵینەوەی هاوشێوە لەسەر بابەتی (لایتمۆتیڤ)ی پەیوەست بە فیلمی کوردی نەکراوە، جگە لەمەش هیچ توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیان نەدۆزیتەوە کە شرۆڤەی موزیکیی بە دیمەنەکانی فیلم ببەستێتەوە و ئاوێتەی یەکتریان بکات، بۆیە توێژەران سەرچاوەکانی پەیوەست بەو بابەتە بە لێکۆڵینەوەی پێشوو دانانێن، بەڵکو وەک پێداچوونەوەیەک بە ئەدەبیات دایدەنێن.

### ٢.٢ کارایی موزیک لە سینەمای هاوچەرخدا:

لە بنەما سەرەکییەکانی پۆلێنکردنی کارایی موزیک لە سینەمای هاوچەرخدا، بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە پرۆسەی دروستکردنی موزیک بۆ فیلمەکان، بۆیە ئەو داهێنانانەی کە لەلایەن ئاوازدانەرانی فیلمی مۆدێرنەوە ناسێنراون پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. چونکە بنەما سەرەکییەکانی پۆلێنکردنی کارایی موزیک لە سینەمای مۆدێرندا، دەبێت پەیوەندی لەگەڵ ڕێبازە سیستماتیکییەکانی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکان هەبێت، کە تا دوایین پێشهاتەکانی ئاستەکانی فیلمسازیی و موزیکزانیدا توندوتۆڵ دەکات، بە مەرجێک میتۆدەکانی بەراوردکاری-مێژوویی و لۆژیکی-شیکارییەکان لەبەرچاو بگیرێن، تاوەکو بنەما سەرەکییەکانی تەکنیکی دەنگ و وێنە لە سینەمادا جێگیر، ببن کە بریتین لە: ١-بەهێزکردنی یەکتر و دژە خاڵی نێوان پێکهاتەکانی دەنگ و وێنە لە دراما و فیلمدا ٢- یەکدەنگی و لۆژیک لە پەرەپێدانی گێرانەوەی چیرۆک و هەڵدانەوەی زمانی فیلم ٣- هاوئاهەنگی کردن، یان چڕکردنەوەی کارلێکی نێوان هەستی ناوەوە و تێگەیشتن لەم هەستە لەلایەن وەرگرەکانەوە. ئەرکە سەرەکییەکانی موزیک لە سینەمادا بەو جۆرە پێناسە دەکرێن: بەڕێوەبردنی هەستەکان؛ چڕکردنەوەی پەیوەندی هونەری و دروستکردنی نێوان دەقەکان لەناو کارەکەدا و پشتگیری "پاشخان"ی هێڵی سەرەکی و تێکەڵکردنی پێکهاتەکانی سیناریۆی فیلم، کە بەشێکن لە هێڵی چیرۆک. لە ئێستادا ئەم مۆدێلە بنچینەییانەی خوارەوەی کارلێکی موزیک لەگەڵ ئەرکێکی سەرەکی لە سینەمادا بریتین لە: وێناکردن، کۆنتراست، هاودەمیی، پەیوەندیکردن و پێکهاتە هونەرییەکە. (Kharchenko، 2020: p16)

ئامانجی دانانی موزیکیی دەستووری داینامیکی مانا لە سینەمادا پڕ بەها دەکات، کە بە شێوەیەکی تایبەت لە لایەن فۆرم و توخمە بینراو و بیستراوەکاندا هەستی پێ دەکرێت، سیناریۆکان و دەربڕینە زارەکییە پڕ لە وێنەییەکانەوە دووبارە دروست دەبنەوە و مانای تازەتریان پێ دەبەخشێت. لێرەدا موزیک جۆرێک لە ئاماژەی ئەبستراکت و لە دەرەوەی فیلمدا نییە؛ بەڵکو لەسەر بنەمای هێما و پێکهاتەی جوانکاریی شێوازەکانی ئەزموون دامەزراوە. لە وێنەگرتنی فیلمدا تێگەیشتنێک دروست دەکەن، کە بەهیچ شێوەیەک بە بەرهەمهێنانەوەی مەعریفی هەنووکەیی جووڵە و فەزا و کات نایەتەدی، جیاوازی و شێوازی نوێ دروست ناکات، بەڵکو نووسەر پرۆسەی بنەڕەتی تێگەیشتن لە وێنە بینراو و بیستراوەکان وەک کردەوەیەکی خەیاڵیکردن پێشنیاز دەکات، کە وەک گۆڕانکاری داینامیکی تەکنیکە بینراو و بیستراوەکان دووبارە بونیات بنرێتەوە. (Albrecht، H.، Wöllner، & 2015: p145-161)

ڕەنگە مۆتیڤێکی موزیک بۆ دیمەنی مردن، وەک ئەو توخمە سەرەکییە بێت، کە دەتوانێت پەیوەندی لە نێوان هێمادارى ئەدەب، موزیک و فیلم میدیایەکی موزیکیی بۆ ناو کاری فیلمسازی دروست بکات، کە پێویستی بە گونجاندن لەگەڵ ڕێکەوتنە هونەرییە نوێیەکان و ئەو هێماسازییە هەبێت. دیمەنی مردن لە ڤێنیز لەلایەن تۆماس مان و سەمفۆنیای پێنجەمی گوستاڤ ماهلەرە کاتێک بۆ فیلمی لوچینۆ ڤیسکۆنتی – مردن لە ڤێنیزدا زۆر یەکانگیر و گونجاوە. لێکۆڵینەوەکەی

(Dominte) بەڕونی ئامرازەکانی گونجاندنی ڕەوای دەقی و موزیکی مردن لەگەڵ ئەندێشەی سینەماکاریدا خستووەتەڕوو بۆ ئەوەی تێبگات ئەم دیاردە هونەرییە وەک کارێکی (دوبارە)بوونەوە پەیوەندی بە دیدگای بەرهەمهێنانی هونەرییەوە سەیر دەکرێت، هەروەها لەسەر بنەمای پرۆسەیەکی بەرفراوان لە ترانس-کۆدکردن، دروستکردن، کە هەردوو قۆناغی (دووبارە)لێکدانەوە و (دوبارە)دروستکردنەوە و تێگەیشتن لەخۆ دەگرێت، کە وەک بەشداریکردنێکی نێوان دەق لەگەڵ هێماسازیی ئەزموون دەکرێت. (Dominte،2017: p39-48)

ئامانجی توێژینەوەکەی (Chełkowska) لێکۆڵینەوەیە لەوەی، کە کام هەست و پەیوەندی موزیکی لە کاتی گوێگرتن لە لایتمۆتیڤەکان لە موزیکی فیلمدا دەرکەوتووە. نموونەیەک لە ١٥٧ کەس بەشدارییان لە توێژینەوەکەدا کردووە، کە تێیدا پەیوەندییە موزیکییەکان و هەستەکان لە پێوەندی لەگەڵ حەوت گروپی تەوەری موزیکیی لە زنجیرە فیلمەکانی ( Lord of the Rings) شیکرانەوە. دەنگ لەم فیلمانە نموونەیەکی باشە بۆ بەکارهێنانی هێماکان لە موزیکدا، کە نوێنەرایەتی بۆ بیرۆکە و کارەکتەرەکان وێنادەکات. ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە هەردوو پەیوەندیی وەڵامدەرەوەکان و ئەو هەستە موزیکیانەی، کە ئەزموونیان کردووە، پەیوەندییان بە تایبەتمەندییەکانی مۆتیڤە موزیکییەکانەوە هەبووە. ئەنجامەکان؛ پێوەندی نێوان وێنەکان لەگەڵ تایبەتمەندیی مۆتیڤە موزیکییەکان خراونەتەڕوو.(Chełkowska-Zacharewicz، 2019)

ڕەوت و ستایلییەکان لە تۆمارکردن و بەرهەمهێنانی هاوچەرخدا پەیوەستن بە پێشکەوتنە فراوانەکانی جوانیناسی، کە پسپۆڕان وەک تایبەتمەندی سینەمای دوای کلاسیک دەستنیشانیان کردووە. ئێلیڤتێریا تانولی (2009) باس لەوە دەکات، کە تەکنیکەکانی فیلمسازی دوای کلاسیک دژی پەیوەندیداریێتی گێڕانەوەکە کار ناکەن و هێشتا ئەزموونی بینین بە شێوەیەکی بەرفراوان دروست دەکەن، تەنانەت لە کاتێکدا، کە فۆرمەکانی جوانیناسی نوێ دەناسێنن و پارادایمێکی گێڕانەوەی نوێ دادەمەزرێنن. بە گشتی چۆنیەتی پرۆسە موزیکییەکان، کە لە ڕێگەی ڕێبازە شیکارییە هاوچەرخەکانەوە ڕوون دەکرێنەوە، دەتوانن بە شێوەیەکی هێمادار لەگەڵ چیرۆکی فیلمدا بەشداربن، کە بە شێوەیەکی ناوازە بە فۆرمەکانی پۆست کلاسیک دانراون.(Rahn، S. C، 2021)

ئۆپێراکانی سەدەی نۆزدەهەم، کە ئاوازدانەران کەڵکیان لە سیستەمی یەکخستنی تەوەرە موزیکییەکان وەردەگرت، بۆ ئەوەی وەک هێمادارییی ڕۆڵ ببینن و نوێنەرایەتی کارەکتەرە جیاوازەکان، یان چەمکە جیاوازەکان لە جیهانی ئۆپێرادا بکەن. تەکنیکی لایتمۆتیڤ، کە لەم نەریتە ئۆپێراییە گەشەسەندووە، زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ ڕیچارد ڤاگنەر. سەرەتا جیاوازی نێوان پاڵنەری بیرهێنانەوە و پاڵنەری ڕەوا، کە دوو چەمکی پاڵنەری هاوشێوەن لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵدابوو. توخمە گرنگەکانی شێوازی ڤاگنەر و بەکارهێنانی تەوەرەکان، کە بنەمان بۆ تەکنیکە لایتمۆتیڤ و لەمڕۆدا لە موزیکی فیلمدا گەشەی سەندووە. ئەم تەکنیکەش بووە هۆی کەڵک وەرگرتن لە تەوەرە موزیکییەکان لە "سەردەمی زێڕین"دا و ناوبانگی زۆری وەرگرت. لە فیلمەکانی هۆلیوود لە ساڵانی ١٩٣٠ دا بەکارهێنانی تەوەرە موزیکییەکان لە فیلمەکانی ئاوازدانەرە دیارەکانی ئەو سەردەمەدا گەیشتە لوتکە، ئەوانیش جۆزێف بریل، ماکس شتاینەر و ئێریچ کۆرنگۆڵد بوو، جا لەو کاتەدا تێبینی هەم لێکچوون و هەم جیاوازی لە بەکارهێنانی تەوەرە موزیکییەکان دەکرا بە بەراورد بە ئۆپێراکان.

هەر لەبابەتی مێژووی موزیکی فیلمدا کە لە ڕێگەی ئەو ئاوازدانەرانەی پێشتر باسمان کرد، شێوازەکانی ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا قۆناغ بە قۆناغ کۆتایی هات، دواتر ستایلەکانی تری فیلم زیاتر بەناوبانگ بوون، لەگەڵ سەرهەڵدانی (خەیاڵی زانستیی) موزیکی ئەم کاتە پەرەسەندنی بەکارهێنانی کاریگەرییە دەنگییەکانی پێوە دیارە. هەندێکجار ئامێری موزیکیش بەکاردەهێنرێت، وەک ئامێری ژێدارە کەوانەییەکان و ئەو کاریگەرییانە زیاتر لە لایەنی موزیکدا ناوبانگیان بەدەستهێناوە. لەم ماوەیەدا سەرهەڵدانی ئەم ژانرە نوێیانە پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی. هەروەها تەکنیکی (سەردەمی زێڕین) لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بووژانەوەی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بەهۆی شێواز و بیرۆکەی (جەنگی ئەستێرەکانەوە)، کە لەلایەن جۆن ویلیامزەوە ئامادەکرابوون. ئەم فیلمانە چەمکی ڤاگنەر لە باوەش دەگرن. سەرەڕای ئەوەش، ویلیامز بابەتەکانی بۆ کورتکردنەوەی ڕووداوەکان، کە دوای ئەوەی ڕوودەدەن بەکاردەهێنێت، ئەمەش کات

دەدات بە بینەر بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن پێش ئەوەی بەرەو پێشەوە بچێت.(A، Reitter، 2013)

### ٣. میتۆدۆلۆجی و کۆکردنەوەی داتا

### ١.٣ تەکنیکی لایتمۆتیڤ لە موزیکی فیلمدا:

لایتمۆتیڤ، تەکنیکێکە لە بەکارهێنانی تەوەرە موزیکییە دووبارەبووەکان، کە پەیوەندییان بە کارەکتەر، شوێن، یان بیرۆکەی تایبەتەوە هەیە. ئەم مۆتیڤانە وەک زمانی موزیک کاردەکەن، هەست و سۆزی ئاڵۆز و زانیاری گێڕانەوە بە شێوەیەکی پوخت و وروژێنەر دەگەیەنن. بە بەکارهێنانی مۆتیڤ موزیکدانەران دەتوانن دیمەنێکی دەنگی دەوڵەمەند و کاریگەر دروست بکەن، کە تێگەیشتن و قەدرزانی بینەر بۆ فیلمەکە بەرز بکاتەوە. بە تایبەتی مۆتیڤێکی لەو جۆرە دەبێ "بە ڕوونی دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی ناسنامەکەی بمێنێتەوە و کاریگەری بەسەر دیمەنەکەوە هەبێت" جا ئەو جۆرە گۆڕانکارییە لە ڕووی ڕیتم، هارمۆنی، ئامێرسازییەوە، یان یاوەریی موزیکییەوە بێت. هەروەها لەوانەیە لەگەڵ لایتمۆتیڤەکانی دیکە تێکەڵ بکرێت، بۆ پێشنیازکردنی بارودۆخێکی دراماتیکیی نوێ، یان گەشەکردن و پەرسەندنێکی تەکنیکی دەنگی نوێ. تەکنیکەکە بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندی بە ئۆپێراکانی ڕیچارد ڤاگنەرەوە هەیە، و بە تایبەتیش Der Ring des Nibelungen .( Arnold Whittall،2001)



نموونەی ژمارە (٣-١) مۆتیڤی ئۆپێرای ڕیچارد ڤاگنەر

### ٢.٣ ڕۆڵی لایتمۆتیڤ لە فیلمی "نیوە مانگ"دا:

لە فیلمی "نیوە مانگ"دا، (قوبادی) و ئاوازدانەر (حسێن عەلیزادە) بە لێهاتوویی لە لایتمۆتیڤ کەڵکیان وەرگرتووە، بۆ دەوڵەمەندکردنی گێڕانەوە و قووڵایی سۆزداری فیلمەکە. چەندین تەوەری موزیکی دووبارەبووەوە لە سەرانسەری فیلمەکەدا تێکەڵاون، هەریەکەیان پەیوەستن بە کارەکتەری تایبەت، یان چەمکێکی دیاریکراوەوە.

*تەوەری مامۆ: ئەم مێلۆدییە کاریگەرە بە کەشە ماتەمینیەکان، تایبەتمەندییەکە پەیوەستە بە مامۆی موزیکژەنی بەساڵاچوو، کە نوێنەرایەتی حەسرەتی ئەو بۆ ڕابردوو و خۆشەویستی بۆ موزیک و ئیرادەی نەگۆڕی بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی دەکات.




نموونەی ژمارە(٣-٢-١) تەوەری مامۆ

*تەوەرەی کوڕەکان: تەوەرێکی وزەبەخشە و گەنجانەترە، نوێنەرایەتی دە کوڕەکەی مامۆ دەکات. هێمای زیندوویی و پەیوەندییەکەیانە لەگەڵ باوکیان و خولیای هاوبەشیان بۆ موزیک دەردەخات.



نموونەی ژمارە (٣-٢-٢) تەوەرەی کوڕەکان

*تەوەری سەفەر: ئەم تەوەرە، کە بە سروشتی ڕیتمیک و دووبارەبوونەوەی خۆی تایبەتمەندە، هاوڕێیەتی سەفەری گروپەکە دەکات، بەناو دیمەنە پێچاوپێچ و هەوراز و نشێوی سروشتی کوردیدا. نوێنەرایەتی ئەو تەحەددا و ئاستەنگانە دەکات، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەروەها ئەو هیوا و خۆڕاگرییەی، کە بەردەوامیان پێدەدات.



نموونەی ژمارە (٣-٢-٣) تەوەری سەفەر

*تەوەری لەدەستدان و نۆستالژیا: تەوەرێکی خەمناک، پەیوەستە بە لەدەستدانی ئازیزان و حەسرەتی سەردەمێکی ڕابردوو. ئەم تەوەرە جەخت لەسەر گەڕانەوەی فیلمەکە دەکاتەوە، بۆ تەوەری یادەوەری و نۆستالژیا و تێپەڕبوونی کات.


نموونەی ژمارە (٣-٢-٤) تەوەری لەدەستدان و نۆستالژیا

* تەوەری خانمە گۆرانیبێژ: تەوەرێکی پەرەسەندوو لە میلۆدییدا، هەرجارەو بە مۆرکێکی دەنگیی جیاوازەوە پێشکەش دەکرێت، بەڵام لەسەر یەک مۆدی دیارییکراوەوە سۆزداریی و کەسایەتی ژنی کورد وێنا دەکات.



نموونەی ژمارە (٣-٢-٥) تەوەری خانمە گۆرانیبێژ
https://youtu.be/8qhv4WfTm-E?feature=shared

### ٣.٣ کاریگەری سۆزداری لایتمۆتیڤ:

بەکارهێنانی کاریگەرانەی لایت مۆتیڤی لە فیلمی "نیوە مانگ"دا کاریگەری سۆزداری فیلمەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە. فیلمسازەکان بە گرێدانی تەوەرە موزیکییە تایبەتەکان بە کارەکتەر و بیرۆکەکانەوە، پەیوەندییەکی قووڵتر لە نێوان بینەر و گێڕانەوەدا دروست دەکەن. بۆ نموونە کاتێک تەوەرەکەی مامۆ دەژەنرێت، بینەر یەکسەر بوونی ئەو هەستانەی کە ئەزموونی دەکات، دەناسێتەوە. بەهەمان شێوە تەوەری گەشتەکە هەستی پێشبینیکردن و وروژاندن و نادڵنیایی دەورووژێنێت، کە ئاوێنەیەکی ئەزموونی کارەکتەرەکانە.

جگە لەوەش، یاریکردن لە نێوان مۆتیڤە جیاوازەکاندا، تەکنیکێکی دەنگی گونجاو دروست دەکات، کە ڕەنگدانەوەی دیمەنی سۆزداری ئاڵۆزی فیلمەکە دەبێت. بۆ نموونە، یەکخستنی تەوەری ماتەمینی مامۆ لەگەڵ تەوەری وزەبەخشی کوڕەکانیدا، تیشک دەخاتە سەر دابەشبوونی نەوەکان و دیدگا دژبەیەکەکانی کارەکتەرەکان.

### ٤.٣ کاریگەری موزیکی کوردی لەسەر "نیوە مانگ"دا:

نەریتێکی دەوڵەمەند و هەمەچەشن، بۆ چەندین سەدە بەشێکی دانەبڕاوە لە کەلەپووری موزیکیی کوردیدا. ڕەنگدانەوەی مێژووی گەلی کوردە، خۆشی و خەم و ئاواتەکانی وێنا دەکات .موزیک بە قووڵی تێکەڵ بە شوناسی کورد دەبێت، وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ دەربڕینی میراتی کەلەپووریی و خواستە سیاسی و بەها کۆمەڵایەتییەکان خزمەت دەکات.

خەرمانی کەلەپووری موزیکی کوردی کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بەکارهێنانی لایتمۆتیڤ لە فیلمی "نیوە مانگ"دا هەیە. موزیکی فیلمەکە، کە لەلایەن (حوسێن عەلیزادە) ئاوازی بۆ دانراوە، بە شێوەیەکی دەوڵەمەند مێلۆدییە نەریتییەکانی کوردی و فۆڕمەکانی چڕینی دەنگیی لەگەڵ توخمە هاوچەرخەکان تێکەڵ دەکات و دیمەنێکی دەنگیی وەسوەسەئامێز و وروژێنەر دروست دەکات.

کەڵک وەرگرتن لەو ئامێرانەی کە لە موزیکی کوردی و ڕۆژهەڵاتییدا بەکارهاتووە، وەک کەمانچە و دەف و تار و ساز، ڕەسەنایەتی و قووڵایی کولتووری بۆ موزیکی فیلمەکە زیاد دەکات. ئەم ئامێرانە نەک هەر لە ڕووی بینراوەوە سەرنجڕاکێشن، بەڵکو هەستێکی نۆستالژیا و حەسرەت دەوروژێنن. مێلۆدییەکان نەخشەی ڕیتمیکی ئەم ئامێرانە و ڕەگێکی قووڵیان لە کلتوری کوردیدا داکوتاوە و بۆ چەندین سەدە دەربڕینی مەودای بەرفراوانی هەست و سۆز بەکارهێنراون.

(قوبادی) و (عەلیزادە) بە هێنانە ناوەوەی موزیکی نەریتی کوردی لە موزیکی فیلمەکەدا، ڕێز لە میراتی دەوڵەمەندی کەلەپووری نەتەوایەتی گەلی کورد دەگرن. بەکارهێنانی لایتمۆتیڤ کاریگەری سۆزداری فیلمەکە زیاتر بەرز دەکاتەوە، ئەمەش ڕێگە بە بینەر دەدات، لە ئاستێکی قووڵتردا پەیوەندی بە کارەکتەرەکانەوە هەبێت. تەوەرە موزیکییە دووبارەبووەکان، کە پەیوەستن بە کارەکتەر و بیرۆکەی تایبەتەوە، هەستێکی پتەو و یەکگرتوویی بە درێژایی فیلمەکە دروست دەکەن. هەروەها زەمینەی کولتووری و مێژوویی موزیکی کوردی لە داڕشتنی بەکارهێنانی لایتمۆتیڤی لە فیلمی "نیوە مانگ"دا ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت. (قوبادی) و (عەلیزادە) بە سوودوەرگرتن لە نەریتە دەوڵەمەندەکانی موزیکی کوردی، ئەزموونێکی سینەمایی بەهێز و وروژێنەریان پێشکەش کردووە، کە دەنگدانەوەی لەنێو بینەرانی

جیهاندا هەیە.

### ٥.٣ کۆنتێکستی مێژوویی:

کۆنتێکستی مێژوویی موزیکی کوردیی فرەلایەنە. کوردستان ناوچەیەکە، کە بەشێک لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دەگرێتەوە، مێژوویەکی دوور و درێژ و پڕ لە گێژاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. نەتەوەی کورد، کە زۆرینەی موسڵمانی سوننەیە، چەندین سەدە ڕووبەڕووی ستەم و گۆشەگیری بوونەتەوە. سەرەڕای ئەم تەحەددایانە، موزیکی کوردی پەرەی سەندووە و لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکاندا خۆی گونجاندووە.

موزیکی نەریتی کوردی بە بەکارهێنانی تەرازووی مۆداڵی و ڕیتمە ئاڵۆزەکان و تەکنیکەکانی ئیمپرۆڤیزەیشن تایبەتمەندە. ئەو ئامێرە سەرەتاییانەی، کە لە موزیکی کوردیدا بەکاردەهێنرێن، بریتین لە (کەمانچە) کە ئامێرێکی ژێداری کەوانەییە و (دەف) تەپڵێکی خڕی چوارچێوەدارە و (تەمبور) ئامێرێکە پەیوەستە بە ئایینی ئەهلی هەق و چەندین ئامێری دیکەی فودار و تەختەیی و پێستداریتر . ئەم ئامێرانە بۆ چەندین سەدە هاوەڵی گێرانەوەی چیرۆک و ڕێوڕەسمی ئایینی و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان کردووە.

### ٦.٣ گرنگی کولتووری:

ئیمپرۆڤیزەیشن بە یەکێک لە گرنگترین کەرەستەکان دادەنرێت لە خستنەکارییدا، بەتایبەتی فۆرمە سەربەستەکانی چڕین لە مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکە و ڕەهەند و دوورخستنەوەی وێنەکان لە بۆتە و بونیاتەکانی موزیکدا. ئەم ئازادییە موزیکییە ڕووخساری بەرچاو لەگەڵ بینەر دروست دەکات و دیالۆگێکی بێکۆتایی لە نێوانیاندا درەخسێنێت. پێرفۆرمەنسکاری موزیک پشت بە ئیمپرۆڤیزەکردن دەبەستێت، بۆ ئەوەی گوێچکەی گوێگر بۆ ئەو شوێنە ڕابکێشێت، کە دەیەوێت و لە وردەکارییەکانی ڕەهەندە دراماتیکییەکانەوە هەڵقولابێت. پێرفۆرمەنسکار، ئیمپرۆڤیزەکردنی ئامێریی و چڕین وەک بابەتێکی خوڵقێنەر دەبینێت، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێک لە قووڵایی هونەریی ئەو بابەتە دابینبکات، جگە لە خستنەڕووی فراوانترین فۆرمەکانی تەکنیک، کە لەسەر قورگ و ئامێرەکەی بەجێگەیاندووە. سەبارەت بە ئیمپرۆڤیزەکردن لە گۆرانی چڕیندا، زۆرجار بە مەبەستی دروستکردنی ڕەنگ (تیمبەر) و مۆرکی دەنگییە لەوەی، کە خودی گۆرانییەکە دەیخاتەڕوو. نموونەی ئەمەش ئیمپرۆڤیزەکردنە لە موزیک و دەنگی مرۆڤدا.(A. G. S، Agha، 2024)

موزیکی کوردی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە داڕشتنی شوناس و کولتووری کوردیدا هەیە. ئامرازێکی بەهێزە، بۆ دەربڕینی میراتی کولتووری و پاراستنی نەریتەکان و پەروەردەکردنی هەستی کۆمەڵایەتی. زۆرجار موزیکی کوردی بۆ ئاهەنگسازیی، کە بە بۆنە گرنگە کولتوورییەکان دادەندرێت، وەک ئاهەنگی هاوسەرگیری، پرسە، و فێستیڤاڵە ئایینییەکان بەکاردەهێنرێت. هەروەها بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ستەم و دەربڕینی خواستە سیاسییەکان بەکاردێت.

لەم چەند ساڵەی دواییدا موزیکی کوردی نوێبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، زۆرێک لە گەنجانی موزیکژەن شێواز و تەکنیکە هاوچەرخەکانیان لە کارەکانیاندا بەکارهاتووە. ئەم تێکەڵاوبوونەی توخمە نەریتی و مۆدێرنەکان، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێی موزیکژەنی کورد، کە سنوورەکانی ئەو ژانرە دەبەزێنن. بۆیە میکانیزمی کارکردنی هونەریی لەسەر بابەتی کەلەپووری میللی و فۆلکلۆریدا، کارکردنە لەسەر ژینگە و دەوروبەر و باکگراوەند و زەمینەی ئەو میلۆدییەی، کە بڕیارە خستنەکاریی بۆ بکرێت، ئەمەشیان لە ڕێگەی یاوەریکردن و هاوشانییەکی زانستیانە دەبێت، کە سەلیقەیەکی هونەری و ئێستاتیکایەکی باڵای لە پشتەوە بێت، بۆئەوەی شاکارێکی هونەریی گەورەی لێوە بەرهەم بێت، کە گوزارشت لە فەلسەفەی بابەتەکە و ڕۆحی میلۆدییەکەوە دەکات. (Mohammed،.S. F، 2023: p 86-96 )

## ٤. شیکردنەوە و ئەنجامەکان و گفتوگۆ

### ١.٤ ئامرازەکانی توێژنەوەکە:

ئەو میتۆدەی توێژەران لە شیکردنەوەی موزیکی فیلمدا پشتی پێدەبەستن جیاوازە لە میتۆدی شیکردنەوەی گشتی، چونکە موزیکی فیلم پەیوەستە بە دیمەن و ئەو خەیاڵەی، کە فیلمەکەی لەسەر بونیاتنراوە. بۆیە دەبێت کۆمەڵێک کەرەستە لەنێو ڕەگەزە سەرەکییەکانی موزیک وەربگرین و بیکەین بە پێوەر بۆ پێوان و دەستنیشانکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

لێرەدا کەرەستە دەستنیشانکراوەکانی شیکردنەوە لەلایەن توێژەران برتیین لە هەشت دانە (میلۆدی، مۆد، دەنگ، فۆرم و شێوەگەل، تیمبەر و ئامێرسازی، ڕیتم، هارمۆنی، مۆرکی پێرفۆرمەنس). بۆئەوەی بەراوردکردنی دیمەنەکان بەپێی تەوەرەکانی لایتمۆتیڤ ئەو ئەنجامەمان پێبدات، کە لە ئامانجی توێژینەوەکە خرابوونەڕوو، کە بریتی بوو لە زانینی ئاستی ڕۆڵ و کارابیە موزیکییەکان لە نێو فیلمەکەدا، هەروەها بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارگەلی توێژینەوەکەمان بدات بە دەستەوە، بەپێی میتۆدی خوارەروە شیکردنەوەکە ئەنجام دەدرێت:

بەکارخستنی موزیک لەم فلمەدا پشت بەسێ شیواز دەبەستێت؛ یەکەمیان بریتییە لە بەکارخستنی موزیکی راستەوخۆ (لایڤ) واتە ژەنیار یاخود دەنگبێژ وەک ئەکتەرێک ڕاسەوخۆ لەنێو کۆنتێکستی دیمەنەکاندا موزیک دەژەنن و گۆرانی دەچڕن، بۆ نموونە کوڕەکانی مامۆ لەگەڵ کچە گۆرانیبێژەکە یاخود دوو منداڵەکە (ئۆکۆردیۆن و تەپڵژەن) لە دیمەنەکاندا ئەدای ڕاستەوخۆ دەکەن.

شێوەی دووەمیان بەکارخستنی موزیکی تۆمارکراوە (ناراستەوخۆ)، ئەو موزیک و گۆرانییانەی، کە لە ستۆدیۆ تۆمارکراون، پاشان وەک باکگراوەند لەژێر دیمەنەکاندا دانراون، بۆ نموونە کاتێک (مامۆ) لەناو گۆڕەکە پاڵکەوتووە.

شێوەی سێیەم بەکارخستنی موزیک و گۆرانی لە ئەرشیفدا، واتە تۆمارکراوی کۆنن، بۆ مەبەستی دروستکردنی کەشوهەوای (ئادمۆسفێر) دیمەنەکان بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە کاتێک مامۆ و کوڕەکان دەچنە نێو چایخانەکە دەنگی گۆرانی حەسەن زیرەک و هۆمەر دزەیی بەکارهاتووە.

لە دەسپێک تا کۆتایی فیلمەکە، موزیک لە (٢١) شوێندا بەکارهاتووە، کە بەسەر ئەو پێنج تەوەری لایتمۆتیڤ دابەش بووە، کە لە (بەشی٣.٣ی توێژینەوەکە) باسکران.

### ٢.٤ شکردنەوەی نموونەکان لەلایەنی موزیکییەوە:

سەرەتا لە دوو دیمەن، دوو منداڵ کە ڕۆڵی (ژەنیاری ئۆکۆردیۆن و تەپڵژەن) دەبینن و گۆرانی دەڵێن، ئەم دوو بەکارخستنە شێوازێکە لە فانتازیای هونەریی و پەیوەندی بە لایتمۆتیڤەکانی فیلمەکەوە نییە، لێرەدا دەرهێنەر هەڵساوە بە دروستکردنی کۆنتراستێک لە نێوان شەڕە کەڵەشێر لەلایەک، لەلایەکی دیکەش نیشاندانی ئەوپەڕی ڕۆمانسییەت و خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو.

دیمەنی یەکەم ئۆکۆردیۆن و تەپڵ لە شەڕە کەڵەشێردا لە چرکەی (2:00) دا میلۆدیەک لە مۆدی کورد لەسەر (می) بە ڕیتمی (هێوە ) نمایشدەکرێت. پاشان لە دیمەنی لای پاسەکە لە چرکەی (4:40) دا میلۆدی (دڵی ئێژێ) لە مۆدی نەهاوەند لەسەر (ڕێ) بە ڕیتمی ڤاڵس ئامێری ئۆکۆردیۆن و تەپڵ و سۆلۆی ڤۆکاڵ وەکو فانتازیایەکی هونەری قەشەنگ بەکارهاتووە.

تەوەری یەکەمی لایتمۆتیڤ بۆ کەسایەتی مامۆ لە چرکەی (15:00 ) دا دەست پێ دەکات، کە لە سەر گۆڕستانەکە دەبیینین، باکگراوەندێک بە ئامێری باڵەبان بە موزیکێکی ئیمپرۆڤیزە لە مۆدی نەهاوەند لەسەر (سی بیمۆڵ) بە ڕیتمی سەربەست دانراوە. لێرەدا لایتمۆتیڤەکەمان بریتییە لە مۆدی نەهاوەند لەسەر (سی بیمۆڵ)، کە بەشێوەی لایتمۆتیڤەکی پەرەسەندوو کاری بۆکراوە، واتە ئەم میلۆدییە تا کۆتایی فیلمەکە هەر لە پەرەسەندندا دەبێت و جۆراوجۆریی (ڤاریەیشن)ی بەردەوامی بەسەردا دێت.

پاشان لە چرکەی (25:30) دا لە دیمەنی ژەنینی ئامێری سازدا لە ناو پاسەکە میلۆدی (ڕەنگ زەردی خەزان) لە مۆدی بەیات لەسەر(سی) بە ڕیتمی بەلەدی کەسایەتی موزیکژەنان لە تەوەری کوڕەکانی مامۆ دەخاتەڕوو، کە بە ژەنینێکی سەربەست لەلایەن ئامێری ساز کۆتایی دێت. پاشان لە چرکەی (26:50) دا موزیکێکی ئیمپرۆڤیزە بە ئامێری تار بە یاوەری ڤۆکاڵ (تینۆر- کوڕ) لە مۆدی بەیات لەسەر (دۆ) گوزارشت لە تەوەری ڕێگای سەفەر دەکات. پاشان لە دیمەنی دەروێشەکاندا لە چرکەی (30:40)دا ئامێری دەف و تەپڵ گوزارشت لە تەریقەتی (قادری) دەکات، لێرەدا موزیک تێکەڵ بە کۆنتێکستی سۆفیگەری دەبێت.

لە چرکەی (31:35 )دا دیمەنی ناو تەکییە بەکارخستنی فۆرمی سیاچەمانەی دەبڵ ڤۆکاڵ (کور و کچ) بە شێوەی پۆلیفۆنی بە یاوەری ئامێری نای، کە دۆخێک لە تەوەری یادەوەریی و نۆستالیژیا بەرجەستە دەکات. هەرچەندە ئەم

پارچە موزیکە بۆ گەشوهەوای ناو تەکییەکە ئامادەکراوە، بەڵام ئەم شێوە پێرفۆرمەنسە هونەرییە تەواو یەکانگیرە لەگەڵ تەواوی تەوەرە و لایتمۆتیڤەکانی دیکەی بنەڕەتیی فیلمەکە، کە خۆی لە کەسایەتی (مامۆ)دا دەبینێتەوە.
پاشان لە دیمەنی لادێیەکەی هەورامان لە چرکەی ( 00: 39) دا فۆڕمی هۆرە بە ڤۆکاڵی کچ لەسەر دەنگی (سی بیمۆڵ) بەکارخستراوە، ئەم تەوەرە نۆستالیژیایەکی تەواو بە دیمەنەکە دەبەخشێت و گوزارشت لە یادەورییەکانی مامۆ بۆ ڕابردوو دەکات، لەهەمان کاتدا زایەڵەی ئەم هۆرەیە لە گوێچکەی مامۆدا وەک کەرەستەکەیەکی سروشبەخش گڕوتینی ئەو پیاوە بەتەمەنە بەهێزتر دەکات و زیاتر هانیدەدات بۆ ئەو ئەرکەی، کە لە پێناویدا خەبات دەکات.
دواترلە چرکەی (40:30) دا لە تەوەرێکی پڕ جۆش و خرۆشی سەفەر بەرەو ئەنجامدانی کۆنسێرتەکە، دوای ئەوەی خانمە گۆرانیبێژێک دەدۆزێتەوە، ئەویش میلۆدی گۆرانی (لەیلای لولەی) لە چینە دەنگی ئاڵتۆ لە مۆدی نەهاوەند لەسەر (ڕێ) بە کۆمەڵی دەفژەنانی کچ گوزارشت لە حاڵەتە سۆزدارییەکە دەکات.
جارێکی تر لە تەوەری خانمە گۆرانیبێژ لە چرکەی (41:30) دا لە دیمەنی نێو پاسەکە کاتێک کارەکتەری مامۆ ڕاهێنان بە کارەکتەری خانمە گۆرانیبێژ دەکات، لێرەدا ژەنیاری ساز بە سۆلۆ یاوەری میلۆدی گۆرانی (ڕەنگ زەردی خەزان) دەکات، کە لە مۆدی بەیات لەسەر (سی)، (لە باشووری کوردستان ئەو میلۆدییە بە مۆدی ئەوشار دەچڕدرێت) ، ئەم دیمەنە تەوەری خانمە گۆرانیبێژ وەک لایتمۆتیڤ جێگیر دەکات.
دیسان لە چرکەی ٤٨:٣٠ سۆلۆیەکی ئامێری ساز بە یاوەری سترینگ لە مۆدی بەیات کە گوزارشت لە تەوەری ڕێگای سەفەر دەکاتەوە. دوای ئەویش موزیکێکی ئیمپرۆڤیزە لە چرکەی (51:30) دا لە تەوەری سەفەردا گوزارشتێکە بۆ دڵەڕاوکێی و نادیاریی ڕێگاکە. پاشان لە چرکەی (57:5)دا موزیکێکی (دوێت) بە شێوازی ئیمپرۆڤیزە بە دەنگی (ئاڵتۆ- کچ) لە مۆدی نەهاوەند لەسەر (دۆ) گوزارشتە بۆ دەستگیرکردنی کارەکتەری خانمە گۆرانیبێژەکە).
لێرەدا میلۆدی (ڕەنگ زەردی خەزان) بە تەواوی وەکو لاتمۆتیڤ بۆ تەوەری (کارەکتەری خانمە گۆرانیبێژ) لە چرکەی (1:01:40) دا جێگیر دەبێت، لەم دیمەنەدا کارەکتەری مامۆ لەگەڵ کارەکتەری ئەو خانمەدا دەردەکەوێت بەشێوەی لایڤ ئەدای میلۆدییەکە دەکات بە مەبەستی پرۆڤە و ڕاهێنان بۆ کۆنسێرتەکە، بەڵام ئەوەی گرینگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، بریتییە لە تێبینی کردنی پەرەسەندنێکی بەرچاو بۆ ئەم میلۆدییە، ئەویش لە ڕووی تیمنەر و ئامێرسازیدا، کە کۆمەڵێک ئامێری دیکەی وەکو کەمانچە و سەنتور و تار بەکارهاتووە، ئەویش مەبەست لێی فراوانکردن و دەوڵەمەنکردنی خەیاڵی بینەر و ڕاکێشانی بۆ نێو ڕوداوەکانی فیلمەکە.
لە تەوەرێکی دیکەی ڕێگا و سەفەردا موزیکی باڵەبان کاتێک هەموویان بە پێ ڕێدەکەن، کە لە چرکەی (1:08:6) دا لە مۆدی نەهاوەند گوزارشت لە دیمەنەکە دەکات. لە چرکەی (1:17:36)دا لەگەڵ هەواڵی مردنی کارەکتەری (کاک خەلیل) لە تەوەرەی مامۆدا سۆلۆی کەمانچە لە مۆدی نەهاوەند سی بیمۆل. پاشان دیمەنی گۆڕستانەکە سۆلۆی (ئاڵتۆ- کچ) مەقام (گیان گیان) لە چرکەی (1:20:44)دا نەهاوەند سی بیمۆڵ لەکاتی (ناشتنی مردووەکە) و جووڵەی مردووەکە دەچڕدرێت.
جارێکی تر لە تەوەری مامۆ سۆلۆی کەمانچە لای گۆڕی کاک خەلیل لە چرکەی (1:24:16)دا بە مۆدی نەهاوەند لەسەر (سی بیمۆڵ) وەک لایتمۆتیڤی ئەم تەوەرەیە خراوەتەڕوو. پاشان هەر بەردەوامی دەبێ تا چرکەی (1:26:15)دا و نەخۆشکەوتنی مامۆ. لە تەوەرێکی دیکەی خانمە گۆرانیبێژ سۆلۆی (ئاڵتۆ- کچ) فۆڕمی (هۆرە) لە چرکەی (1:27:54)لەسەر چینە دەنگی (سی بیمۆڵ) نمایش دەکرێت. هەر لەهەمان تەوەردا لە چرکەی (1:34:6)دا میلۆدی (ڕەنگ زەردی خەزان) لە مۆدی بەیات (سی) بە گۆڕینی تیمبەر دەوڵەمەند دەکرێت.
لە چرکەی(1:44:6) دا دوا تەوەرە و دوا لایتمۆتیڤ نمایش دەکرێت بە فۆڕمی (ئازیزە و هۆرە) ئاوێتەیەکی هونەری ئاست بەرز لەسەر چینەدەنگی (سی بیمۆڵ) بەکارخستنی بۆ کراوە، لێرەدا تەواوی پەرەسەندنی موزیکەکە نمایش دەکرێت، کە گوزارشت لە مردنی کارەکتەری مامۆ وەکو پاڵەوانی فیمەکە دەکات.

خشتەی ژمارە (١.٤) کەرەستەی موزیکیی بەکارهاتوو لە فیلمی نیوەی مانگ

| میلۆدی | مۆد | دەنگ | فۆڕم و شێوەگەل | تیمبەر و ئامێرسازی | ڕیتم | هاڕمۆنی | مۆرکی پێرفۆڕمەنس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چەند میلۆدییەکی کەلەپووری | نەهاوەند عەجەم بەیات | ڤۆکاڵ: (ئاڵتۆ بۆ سۆڵۆی کچ) تینۆر بۆ سۆڵۆی کوڕ) | سیاچەمانە، ئازیزە، قەتار، هۆرە، ئیمپرۆڤیزە | بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە (کەمانچە، باڵەبان، نەی، عود، ساز، تار، دەف، زڕب دەهۆڵ، ئۆکۆردیۆن) | دەروێشی، ئەیوب، دەهۆڵی، هێوە | تێکسچەری مۆنۆفۆنی، پۆلیفۆنی، ئینتەڤاڵی سێیی و پێنجی | شێوازی موزیکی کوردی ڕەسەن و کەلەپووری نەتەوەیی لە ئەدای چڕین و ژەنیندا |

خشتەی ژمارە (٢.٤) دابەشبوونی تەوەرەکانی لایتمۆتیڤەکان

| کەرەستەکان | تەوەرەی مامۆ | تەوەرەی سەفەر | تەوەرەی کوڕەکان | تەوەرەی خانمە گۆرانیبێژ | تەوەرەی نۆستالژیا |
|---|---|---|---|---|---|
| میلۆدی | مەقام | تەقاسیم ، میلۆدی | تەقاسیم ، میلۆدی | ڕەنگ زەردی خەزان | سەربەست |
| مۆد | نەهاوەند سی بیمۆڵ | بەیات سی | بەیات دۆ | بەیات سی | چوارگا لا |
| دەنگ | نییە | نییە | نییە | ڤۆکاڵ کچ | ڤۆکاڵ کور و کچ |
| فۆڕم و شێوەگەل | ئیمپرۆڤیزە | ئیمپۆڤیزە | ئیمپۆڤیزە | فۆڕمی دووانی | سیاچەمانە، قەتار، هۆرە |
| تیمبەر و ئامێرسازی | کەمانچە، باڵەبان | ساز، ژێدارەکان | ساز و دەف | هاوشانی | نای |
| ڕیتم | سربەست | سربەست | بەلەدی، سەربەست | بەلەدی | سەربەست |
| هارمۆنی | مۆنۆفۆنی | مۆنۆفۆنی | مۆنۆفۆنی | مۆنۆفۆنی | پۆلیفۆنی |
| مۆرکی پێرفۆرمەنس | ئەدای کوردیی ڕۆژهەڵاتی | ئەدای کوردیی ئاوێتەی ڕۆژهەڵات و باکور | ئەدای کوردیی ئاوێتەی ڕۆژهەڵات و باکور | ئەدای کوردیی ڕۆژهەڵاتی | ئەدای کوردیی ڕۆژهەڵاتی |

## ٥. دەرئەنجام

١- بەکارهێنانی کاریگەرانەی لایتمۆتیڤ لە فیلمی "نیوە مانگ"دا بەشدارییەکی بەرچاوی لە کاریگەرییە هونەری و سۆزدارییەکانی فیلمەکەدا هەیە.

٢- پێنج تەوەرەی سەرەکی لایتمۆتیڤ لەم فیمەدا بەکارخکراون، کە سێ دانەیان بۆ کارەکتەرانی نێو فیلمەکەیە و یەک دانە بۆ کات و نۆستالیژیایە، دانەکەی دیکەش بۆ شوێنی ڕێگای سەفەر و گەشتە پڕ مەینەتییەکە تەرخانکراوە.

٣- کەرەستە موزیکییەکانی وەک میلۆدی، مۆد، دەنگ، فۆڕم و شێوەگەل، تیمبەر و ئامێرسازی، ڕیتم، هاڕمۆنی، مۆڕکی پێرفۆڕمەنس لە بونیاتی لایتمۆتیڤ وەک یەکەیەکی پتەوی دانەبڕاو خراوەتە کار، ئەمەش ئاستبەرزیی کارە هونەرییەکە نیشان دەدات.

٤- فیلمسازەکان بە گرێدانی تەوەرە موزیکییە تایبەتەکان بە کارەکتەر و بیرۆکە و هەستەکانەوە، دیمەنێکی دەنگی کاریگەر و چیندار دروست دەکەن، کە تێگەیشتن و قەدرزانیی بینەر بۆ فیلمەکە بەرز دەکاتەوە.

٥- یاری نێوان ئەم مۆتیڤانە، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێر و میلۆدییە نەریتییە کوردییەکان، گرنگیی کولتووری و سەرنجڕاکێشیی گشتگیری فیلمەکە زیاتر بەهێز دەکات.

٦- "نیوە مانگ" وەک بەڵگەیەک لەسەر هێزی موزیک بۆ تێپەڕاندنی زمان و کولتوور و کات وەستاوە و میراتێکی هەمیشەیی لەسەر جیهانی سینەما بەجێدەهێڵێت.

## ٦. ڕاسپاردە:

توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە فیلمسازان و موزیکدانەران ڕادەسپێرن، کە لایتمۆتیڤ وەک بونیاتێکی بنەڕەتی لە فیلمەکانیان بەکاربخەن، چونکە بە بڕوای توێژەران بەبێ بوونی ئەم تەکنیکە لە ناو فیلمەکانیان، کەلێنێکی هونەریی بۆ مانا و گوزارشت و خەیاڵی فیلمەکە دروست دەبێت و زنجیرەبەندی بیرۆکەکانی نێو کۆنتێکستی فیلمەکەش تێک دەدەن.

## ٧. پێشنیاز:

توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە پێشنیازی دوو ناونیشان بۆ توێژەرانی بواری موزیک و فیلمسازی دەکەن، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- تایبەتمەندییەکانی لایتمۆتیڤ لە فیلمی درێژی کوردییدا.

٢- بەرجەستەکردنی لایتمۆتیڤ لە ڕۆڵبینینی کەسایەتی ئافرەت لە نێو فیلمی کوردییدا.

## ٨ . سەرچاوەکان:

### سەرچاوە بە زمانی کوردی:


- خوسرەو سینا، (٢٠١٨)، شوناسی کولتووری و سینەمای کورد، و. لە فارسییەوە: جەمشید بەهرامی، چاپخانەی گوتار، سەقز.
- کەریمۆک غەفور، (٢٠٢٤)، سینەما و جینۆساید، چاپخانەی کوردستان دیالۆگ، سلیمانی.
- مەسعود مەلا هەمزە، (٢٠١٠)، کێشە و ئازارەکانی کورد لە سینەمای جیهانیدا، گۆڤاری فیلم، ژمارە (٦)، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.


### سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:


- Agha، A. G. S. (2024). Improvisation And Artistic Performance in Kurdish Song Forms. Zanco Journal of Human Sciences، 28(2).
- Albrecht، H.، & Wöllner، C. (2015). Metaphors and embodied meaning in film music: The case of leitmotifs. In Embodied metaphors in film، television، and video games (pp. 145-161). Routledge.
- Arnold Whittall (2001). "Leitmotif (from Ger. Leitmotiv: 'leading motif')". Grove Music Online (8th ed.). Oxford University Press. doi:10.1093/gmo/9781561592630.article.16360. ISBN 978-1-56159-263-0.
- Chełkowska-Zacharewicz، M.، & Paliga، M. (2019). Music emotions and associations in film music listening: the example of leitmotifs from the "Lord of the Rings" movies.
- Dominte، C. (2017). THE LEITMOTIF OF DEATH: FROM TEXT AND MUSIC TO FILM. University of Bucharest Review. Literary and Cultural Studies Series، 7(2)، 39-48.
- Kharchenko، P. (2020). Principles of Functional Classification of Music in Cinema. Artistic Culture. Topical Issues، (16).
- Mohammed، S. F.، Badan، N. H.، & Mohammed، D. M. (2023). Gestalt theory on principles of musical construction and analysis. Zanco Journal of Human Sciences، 27(3)، 86-96.
- Rahn، S. C. (2021). Beyond the leitmotif: musical narration in the post-classical film score (Doctoral dissertation).
- Reitter، A. (2013). Lifespan of the Leitmotif: Wagner to Williams (Doctoral dissertation، University of Delaware).
- White، John (1976). The Analysis of Music. Prentice-Hall. Pp. 26–27. ISBN 9780130332332.


### ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:


- -http://mijfilm.com/ku/filmography-1/filmography-bahman-ghobadi/
- -https://www.encyclopedia.com/international/encyclopedias-almanacs-transcripts-and-maps/ghobadi-bahman-1969.
- -https://zaniary.com/blog/600c8a696a708

**استخدام "light motive" في الفيلم الكردي: فيلم "نيوه مانگ" نموذجا**

**دانا محمد عبدلله**
قسم السينما والمسرح، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين– اربيل، العراق
Dana.abdulla@su.edu.krd

**سرود فؤاد محمد السراج**
قسم الموسيقى، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين– اربيل، العراق
surwd.mohammed@su.edu.krd

**الملخص**
وهي دراسة وصفية تحليلية تعتمد على المنهج النوعي. تتناول هذه الدراسة بناء "لايتموتيڤ" كأداة لتاليف الموسيقى السينمائية، والتي تم استخدامها فنياً في موسيقى فيلم "نيوه مانگ" للمخرج بهمن قبادي. تعد هذه الدراسة تعريف العلاقة بين المشاهد والموسيقى في الفيلم بلغتي الفنية والعلمية، وتعيد ربطها بالعناصر الرئيسية للموسيقى. ومن منظور البعد الشكلي للموسيقى التاليفية، يتم تحليل الأماكن التي انعكست فيها لايتموتيڤ في خيال مشاهد الفيلم، ولعبت ايظا دورًا فعالاً في إثراء الفيلم. وتكمن مشكلة البحث في غياب بناء لايتموتيڤ في الأفلام الكوردية بشكل عام أو غياب هذه البناء في العديد من الأفلام الكوردية رغم أهميتها. تهدف هذه الدراسة إلى كشف تعريف دور وكفاءة استخدام عناصر لايتموتيڤ في فيلم المخرج بهمن قبادي " نيوه مانگ ". تكمن أهمية هذا البحث في إفادة صانعي الأفلام والموسيقيين في مجال السينما الكردية والاستفادة من نتائج هذا البحث. ووجدت الدراسة أن استخدام لايتموتيڤ في فيلم " نيوه مانگ " يساهم بشكل كبير في التأثيرات الفنية والعاطفية للفيلم. ويتم استخدام خمسة محاور رئيسية في هذا الفيلم، ثلاثة منها تتعلق بالشخصيات الموجودة في الفيلم وترتبط المحورين الآخرين بالحنين الى الماضي وبمشاهد السفر المؤلمة للفيلم. وتُستخدم العناصر الموسيقية مثل اللحن، المقام، الصوت، الشكل والقالب الموسيقي، الجرس الصوتي، الآلات الموسيقية، الإيقاع، التناغم، والأداء. كلها ترتبط كوحدة موسيقية متماسكة وموحدة على أسس " لايتموتيڤ ".

**الكلمات المفتاحية:** الممثل، الفلم، "نيوەی مانگ"، المشهد.

**The Use of "Light motive" a Kurdish Films**
**The Film "Niwa Mang" as an Example**

**Dana Mohammed Abdulla**
Department of Cinema and Theater, College of Fine Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dana.abdulla@su.edu.krd

**Surwd Fuad Mohammed Sarraj**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University –Erbil, Kurdistan Region Iraq
surwd.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**
It is a descriptive and analytical study based on the qualitative approach. This study deals with the construction of "light motif" as a tool for composing cinematic music. Which was used artistically in the music of the film "Niwa Mang" by director Bahman Ghobadi. This study defines the relationship between scenes and music in the film in artistic and scientific language. And reconnects it to the main elements of music. From the perspective of the formal dimension of compositional music، the places where 'light motif' was reflected in the imagination of the film's scenes are analyzed، and it also played an effective role in enriching the film. The problem of the research lies in the absence of the construction of 'light motif' in Kurdish films in general or the absence of this construction in many Kurdish films despite its importance. This study aims to reveal the definition of the role and efficiency of using 'light motif' elements in director Bahman Ghobadi's film "New Mang". The importance of this research lies in benefiting filmmakers and musicians in the field of Kurdish cinema and benefiting from the results of this research. The study found that the use of light-motiv in the movie "New Mang" contributes greatly to the artistic and emotional effects of the movie. Five main axes are used in this movie، three of which are related to the characters in the movie and the other two axes are related to nostalgia and the painful travel scenes of the movie. Musical elements such as melody، maqam، sound، musical form and template، timbre، musical instruments، rhythm، harmony، and performance are used. All of them are connected as a coherent and unified musical unit on the basis of "light-motive".
**Keywords:** Actor، Movie، "Niwa Mang" film، The scene.